به چاودێری وپاڵپشتی ڕێزدار سەرۆک مه سعوود بارزانی

پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب

معرض أربيل الدولي للكتاب 17

جیهان بەکوردی دەدوێت

المدى للإعلام والثقافة والفنون
Media Culture & Arts

19-9 ی نیسانی 2025
هەولێر - پارک سامی عەبدولڕەحمان

پاشکۆیەکی رۆژانەیە دەزگای ڕاگەیاندن ورۆشنبیری وهونەری المدی دەری دەکات | ژمارە (8) ساڵی بیست ودووەمین- چوارشەممە (16)نیسان 2025 | http://www.almadapaper.net Email: info@almadapaper.net

# لە ڕۆژی شەشەمی پێشانگە ... چییان گووت..



■ هەولێر / نور عەبدولقادر

لە شەشەمین ڕۆژی پێشانگای نێودەوڵەتی کتێبدا، هەولێر لە نێوان بەرگی کتێبێکدا جیهانی لە باوەش گرت. قەرەباڵغییەکە تەنیا مرۆڤ نەبوو، بەڵکو فیکری و ڕۆشنبیری و مرۆڤدۆستیش بوو، وەک چۆن چەند دەنگێک، لە زمان و زاراوەی جیاوازەوە، لە ژێر یەک چەتر کۆدەبوونەوە بۆ ئەوەی یەک شت بڵێن: "کتێب هێشتا زیندووە".

لە بەیانییەکی زوودا شاندەکان لە پارێزگا جیاوازەکانی عێراق و هەروەها لە وڵاتانی عەرەبی و بیانییەوە دەستیان بە گەیشتن بە پێشانگاکە کرد. هەمەچەشنی سەردانکەران ڕەنگدانەوەی ئەو کاریگەرییە قووڵەیە کە ئەم بۆنە کولتوورییە لەسەر خەڵک هەیەتی. هەندێکیان بە دوای ناونیشانی دەگمەندا هاتبوون، هەندێکی دیکەیان تەنیا بۆ ئەوەی بۆنی کۆنی کاغەزەکە بژینەوە، یان بۆ ئەوەی لە نێو ڕەفەکانی پیتەکاندا سەرگەردان بن، کە هەست بە دارستانێکی پر لە مانا ومعریفە دەکەن.

قەرەباڵغییەکە سەرنجڕاکێش بوو، بە تایبەت لە دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە و نووسەرانی ناسراویان بوو. بەڵام حەز و ئارەزوو تەنها لە ڕۆمان و ئەدەبدا سنووردار نەبوو، بەڵکو بۆ کتێبی فیکری، مێژوویی، ئایینی، گەشەپێدان و منداڵان یش بوو، کە بەشدارییەکی بەرچاوی خێزانەکانی بەخۆیەوە بینی.

عەلی، فەرمانبەرێکی حکومییە و لە پارێزگای ئەنبارەوە هاتووە، دەڵێت: «پێشانگاکە بۆنەیەکی ساڵانەیە کە بە تامەزرۆییەوە چاوەڕێی دەکەم». «کتێبەکان لێرەدا تەنها سەرچاوەی زانین نین، بەڵکو فەزای پشوودانن، دەربازبوونێکی کاتییە لە فشارەکانی ژیان». ئاماژەی بەوەشکردووە، «ئەمساڵ سەرنجم دا ڕێژەی بەشداریکردنی زیاتر و ڕێکخستنی باشتربوو، هیوادارم ئەم گەرموگوڕیە لە ساڵانی داهاتوودا بەردەوام بێت».

جیاوازی ئەمساڵی پێشەنگاکە، بوونی بەرفراوانی دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی بیانی و عەرەبییە، لە لوبنان، میسر، سوریا، ئیمارات، ئوردن، فەلەستین و تەنانەت لە ئێران و سعودیە. ئەم بەشدارییە ڕێگەی بۆ خوێنەرانی عێراق کردەوە کە بەدواداچوون بۆ بڵاوکراوە نوێیەکان بکەن کە ڕەنگە لە ناوخۆدا بەردەست نەبن، هەروەها دەرفەتێکە بۆ ئاشنابوون بە ئەزموونە فیکرییە جیاوازەکان.

سۆفی، نوێنەری دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوەیە کە بۆ یەکەمجار بەشداریی کردووە، دەڵێت: «من سەرسام بووم بە قەبارەی ڕێژەی بەشداریکردن، لەوەش زیاتر سەرم سوڕما کاتێک سەرنجم دا ئارەزووی سەردانکەران بۆ کتێبی وەرگێڕدراوە». «عێراق وڵاتێکە کە بەڕاستی ڕۆشنبیری خۆشدەوێت».

لە میانی گەشتێکی پێشانگاکەدا، سەردانکەران بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش سەرقاڵی واژۆکردنی کتێبەکان و کۆبوونەوەکانی گفتوگۆ بوون کە نووسەرانی ناوخۆیی و عەرەبی تێدابوو. ڕەشا حسێن، خوێندکاری زانکۆ دەڵێت: «ئەمڕۆ بەشداربووم لە سیمینارێکی تایبەت بە گشتگیری دارایی کرد، گفتوگۆکەش قووڵ و بەسوود بوو». «پێشانگاکە تەنها بۆ کڕینی کتێب نییە، بەڵکو مینبەرێکی فیکری گرنگە.»

ئەحمەد سامی، باوکی دوو منداڵە و دەڵێت، ساڵانە منداڵەکانم لەگەڵ خۆم دێنم بۆ ئەم پێشانگایە، دەمەوێت لە تەمەنێکی بچووکەوە لەگەڵ کتێب ڕابێن، بەشێکی تایبەت هەیە بۆ کتێبی منداڵان و بەشێکی دیکەش بۆ یاری و خوێندنەوە، ئەوەش زۆر نایاب و سەرنجڕاکێشە.

دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە نەک تەنها بە قەبارەی سەردانکەران، بەڵکو بە کوالیتی ئەو پرسیار و سەرنجانەی سەردانکەران سەرسام بوون وخۆشحاڵی خۆیان دەربڕی. بڵاوکەرەوەیەکی بەیروت دەڵێت: عێراقی خوێنەرێکی دڵسۆزە. «ئەوان پرسیار لە نووسەر و وەرگێڕان و چاپەکە دەکەن. ئەوان تەنها کڕیاری هەڕەمەکی نین، بەڵکو خوێنەری ڕاستەقینەن.»

هەستی گشتی ئەوەیە کە کتێب پێگەی خۆی لەدەست نەداوە، بەڵکو لە سەردەمی خێرایی تەکنەلۆژیا و بچووکبوونەوەی فەزای پەیوەندییە مرۆییەکاندا گەڕانەوەیەکی بەهێزی بەدەستهێنابێت. پێشانگای نێودەوڵەتی کتێبی ئەمساڵ تەنیا بۆنەیەکی کولتووری نییە؛ زیندووکردنەوەی دەنگی عەقڵە، دەرفەتێکە بۆ بەریەککەوتنێکی دەگمەنی نێوان خوێنەر و نووسەر، لە نێوان مرۆڤ و مانا.

## پێشانگای نێودەوڵەتی کتێب لە هەولێر ...
# سەکۆیەک بۆ ڕۆشنبیران و نووسەرانی کورد

■ هەولێر / عەلی زەیتۆ

حەڤدەمین پێشانگای نێودەوڵەتیی کتێب لە هەولێر، تەنیا بۆنەیەکی ساڵانەی ڕۆشنبیری نییە، بەڵکو بۆتە سەکۆیەکی تایبەت کە پێناس و ناسنامە ئەدەبییەکان تێیدا ئاوێتەی یەکتر دەبن و دەنگی نووسەرانی کورد بەجۆرێک دەبیسترێت، کە پێشتر هاوشێوەی نەبووە، ئەم وەرچەرخانە جێگەی تێڕامانە، کە لە ئامادەبووانی پیشانگاکە و بڵاوکراوە و گفتوگۆ ڕۆشنبیرییەکان، بەڕوونی دەبینرێت و بەگشتی پێشانگاکە وەک پلاتفۆرمێکی ڕاستەقینەیە بۆ ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردی و ڕەخساندنی دەرفەتێکی دەگمەنە بۆ نووسەرانی گەنج، تا ئامادەیی خۆیان لە ڕەوتە رۆشنبیرییەکان بسەلمێنن.



### پێشنیارە جۆراوجۆرەکان

پێشانگای ئەمساڵی کتێب لە هەولێر تەنیا لە ڕۆمان و شیعردا سنوردار نەبووە، بەڵکو بوارە هەمەچەشنەکانی وەک ڕەخنەی ئەدەبی، مێژووی کورد، بیری نەتەوەیی، شوناسی رۆشنبیری و کلتووری لەخۆ گرتووە. دەزگا کوردستانییەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە، خواستی ئەوەیان هەبوو ناوی نوێ شانبەشانی کەسایەتییە ناسراوەکان بخەنەڕوو، ئەمەش جۆشوخرۆشێکی بە پێشانگاکە بەخشی، کە ڕەنگدانەوەی واقیعی پێشکەوتنی ئەدەبیاتی کوردییە.

### هەوڵدان بۆ چەسپاندنی ئەدەبیاتی ناوخۆیی

لە میانەی گەشتێک بەناو کۆشکەکانی پێشانگاکەدا، تیمەکەمان لەگەڵ چەند نوێنەرێکی دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی دیداریان هەبوو، کە هەموویان دووپاتیان کردەوە، ئەمساڵ هەڵکشانێکی بێ وێنە لە گرنگیدان بە بڵاوکراوە کوردییەکان بەدی کراوە.

ئارام لە خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی لالەزار دەڵێت: ئێمە ئەمساڵ بە ژمارەیەکی زۆر و ناونیشانی نوێوە بەشداری دەکەین، کە زۆربەی بڵاوکراوەکانمان لەلایەن نووسەرانی کوردەوە نووسراون، تێبینیمان کردووە خوێنەران بەدوای ئەو کتێبانەدا دەگەڕێن کە باس لە پرسە هەنووکەییەکانی وەک ناسنامە و مێژووی سیاسی و کولتووری دەکەن، پێشانگاکە بووەتە دەرفەتێکی ساڵانە بۆ فراوانکردنی خوێنەری زمانی کوردی.

بەهار لە خانەی ڕێنوێن دەڵێت: ئێمە کار دەکەین بۆ ئەوەی تیشک بخەینە سەر نووسەرانی گەنج. دەشڵێت: ئەمساڵ گۆشەیەکمان تەرخانکرد بۆ بەرهەمی نووسەرە گەنجەکانمان، سەرسام بووین کە بینیمان نووسەرە گەنجەکان بەشدارییەکی کارایان لە سیمینارەکان هەیە و ژمارەیەکی زۆری خوێنەر داوای واژۆی ئەو نووسەرانە دەکەن بەسەر بڵاوکراوەکانیانەوە، بۆمان دەرکەوتووە نەوەی نوێ لەنێو نووسەراندا بە زمانێکی جیاواز دەنووسن و ئەوەیش ئاماژەیەکی ئەرێنییە لە ڕێڕەوی ئەدەبیاتی کوردیدا.

سامان لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە بەختیاری گوتی: ئێمە پاڵپشتی نووسەرانی گەنج دەکەین و هەوڵدەدەین ئاسانکارییان بۆ بکەین لە چاپکردنی بەرهەمەکانیان، ئەمساڵ کۆمەڵە چیرۆک و شیعری نوێمان لە لایەن نووسەرانی خوار تەمەنی ٣٠ ساڵەوە بڵاوکردۆتەوە و چەندین نوسخەیان لە یەکەم ڕۆژەکانی پێشانگاکەدا فرۆشران و خواستی زۆریان لەسەر بوو.

### دەنگی گەنجانی کورد

نووسەرانی گەنجی کورد، نەک هەر بەرهەمەکانیان بڵاودەکردەوە، بەڵکو بەشێکی زۆریان بەشدارییان لە گفتوگۆ و سیمینار و دیالۆگەکاندا کرد، کە سەرنجی خەڵکیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشابوو.

ژیان خانمە نووسەرێکی گەنجە و دەڵێت: ئەمساڵ یەکەم ڕۆمانم لەگەڵ دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوەی ناوخۆییدا بڵاوکردەوە، بەشداریکردنم لەو پێشانگایەدا وەک نووسەرێکی گەنج لەدایکبوونەوەیەکی نوێ بوو بۆ من، خوێنەران بە حەز و ئارەزووەوە ڕوویان لە بەرهەمەکانمان کردووە گفتوگۆکانیان سەبارەت بە ڕۆمانەکە سەرسامیان کردم، ئەمەش پاڵنەرێکە بۆ ئەوەی سەرەڕای سەختییەکان بەردەوام بم.

هەڵبەست شاعیرێکی لاوە و خەڵکی سلێمانییە، دەڵێت: من شیعری ئازاد بە زمانی کوردی و شێوەزاری سۆرانی دەنووسم، بەشداریکردنم لە پێشانگاکەدا یەکەم ئەزموونی من بوو لەبەردەم ئامادەبووانێکی زۆردا. ساتێکی کاریگەرە بۆ هەر گەنجێک کە هەوڵی دەربڕینی هەستەکانی خۆی بدات بە زمانی دایکی، بەتایبەتی لەنێو ئەو حەزە زۆرەی کە لە سەردانکارانی پێشانگاکەدا دەیبینین.

### ئامادەبووانێکی کاریگەر و پشتیووانیکار

ئەوەی لە پیشانگای ئەمساڵی کتێب لە هەولێر جێگەی سەرنج بوو، بەشداری زۆری سەردانیکارانە لە هەموو تەمەن و بیرکرنەوە و ئایدیا و باکگراوندێکی جیاوازدا، گەنجان زیاتر ئارەزووی کڕینی کتێبی کوردییان هەبوو. زۆرێک لە سەردانیکاران خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕی بە جۆراوجۆریی و کوالیتی کتێبی کوردی، کەلە پیشانگاکە نمایشکراون و بە ئاسانیش دەستیان بە نووسەران ڕادەگەیشت و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، چ لە کاتی واژۆکردنی کتێب یان لە ڕێگەی دانیشتنی گفتوگۆوە دیداریان لەگەلیان هەبوو.

### ناسنامەی کورد لە دیمەنە ڕۆشنبیرییەکەی پیشانگاکەدا

زۆرێک لە سەردانکیکاران ئاماژە بەوە دەکەن هەڵکشانی بەرچاوی ئەدەبیاتی کوردی و ڕێژەی زۆری ئامادەبووانی پیشانگاکە ڕەنگدانەوەی بارودۆخی پێشکەوتووی ڕۆشنبیریی کوردستانییانە، هەستکردنە بە ناسنامە و زمانی ڕەسەنی کوردی لەنێو کۆمەڵگەدا، کە ئەوەیش لە سەردەمی جیهانگیرییدا پاڵپشتییەکی زۆر بەهێزە و پاڵپشتی دەزگا و دامەزراوە ڕۆشنبیری و فەرهەنگییە ناوخۆییەکانە و هاوکاری زانکۆکان و ناوەندە ئەدەبییەکانیش بووەتە هۆی دابینکردنی پانتاییەکی فراوانتر بۆ نووسەرانی کورد، بە تایبەت گەنجان بۆ ئەوەی بە ئازادییەوە داهێنانەکانی خۆیان نمایش بکەن.

بە کورتی پێشانگای نێودەوڵەتی کتێب لە هەولێر بۆتە سەکۆیەکی ڕاستەقینە بۆ ئەدەبییاتی کوردی، کە نووسەران و خوێنەران لە یەک پانتایی تایبەت بە زمان و شوناس و داهێنان کۆدەبنەوە. ئەوەیش ئاماژەیەکی بەهێزە بۆ پەرەسەندنی دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی ناوخۆیی و زیادبوونی دەنگی گەنجان و لە خوێنەر و نووسوراندا، کە هەموو ئەوانە پێمان دەڵێن ئەدەبیاتی کوردی هەنگاوی متمانەبەخۆبوونی هاویشتووە و خۆی لە گۆڕەپانی ڕۆشنبیری



# دە وارنە کتێبان



■ ئاسۆ کەریم



**دێتەوە بیرم، شەستەکانی سەدەی ڕابردوو ماڵمان لە دێ بوو، هاوینان خۆشناو میوەی وەك ترێ، هەنجیر، هەنار و سێوی لاسووریان دێنا گوندەکەمان و لە ماڵێکی خانەخوێ لایان دەدا و باریان دەخست. پاشان مام خۆشناو دەچووە سەربانی ماڵەکە و هاواری دەکرد: دە وارنە هەناران، دە وارنە ترێیان، دە وارنە هەنجیران و ئا ئاوا... ئیدی خەڵکی ئاوایی تێی دەورووکان، چ بە پارە و چ بە دەغڵ میوە و تەڕەیان دەکڕی، هەم مام خۆشناو بەکەیفێکەوە دەگەڕایەوە ناوچەی خۆشناوەتی و هەم خەڵکی گوندیش یەك دوو ڕۆژ ئەو میوەجاتە زەریفەیان دەخوارد.**

من پێشانگەی کتێبان، بەو میوە و تەڕەی خۆشناوان دەشوبهێنم و ئەوە بووەتە نەریتیک ساڵانە لە بەهاران خانەی (المدی) بە دەیان خانە و سەنتەر و وەشانخانەی عەرەبی و تورکی و ئێرانی و کوردی بۆ ئەم هەولێرە بهێنێ و جاڕ بدا: خوێنەران دە وارنە کتێبان.

بەڵێ بووەتە نەریتێکی ساڵانە و هیوادارم بەردەوام بێ. سایە و چاکەکەیشی هەم بۆ خانەی (المدی) و هاوڕێ فەخری کەریم دەگەڕێتەوە و هەم بۆ دامودەزگا پێوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە کە هاوکارێکی بەڕێوجێن کە ئەو چالاکییە کولتوورییە فرە ڕەهەندە بەشێوەیەکی لەبار بەڕێوەبچێ و لەسەرووی ئەمەشەوە سەرۆک بارزانی خۆی ساڵانە پیشانگەکە بکاتەوە. ئەوەش خۆی لە خۆیدا بە هەندوەرگرتن و بایەخدانێکی بەرچاوە بەو بوارەی ژیان و ڕێزگرتنێکیشە لە ئازادیی بیروڕا و درفەت کردنەوەیە بۆ ئازادیی پەخش و بڵاوکردنەوە.

ئێمەی لە کوردستاندا، پێویستمان بە تێرکردنی پێداویستییە ماددی و هەم ڕۆحییەکانە. ئاپارتمانی جوان و بەرز و بازاڕ پڕ لە پێداویستیی ماددی بەس نییە کە تەنانەت لە ڕێگەی ئامرازەکانی کۆمیونیکێشن و مۆبایلی زیرەکەوە بەشێک لە پێداویستییەکان دەگەنە ماڵەکانیشمانەوە. ئەی چی بۆ پێداویستییە ڕۆحییەکان؟ ئێمەش دەمانەوێ گوێ لە گۆرانی و لاوژە و حەیران و بەستە و لاوک بگرین، گوێ لە مۆسیقای خۆماڵی و بیانی بگرین، شایی و داوەت بکەین، سەیری فیلم و شانۆ بکەین، کتێب بخوێنینەوە، وێنە بکێشین، لەگەڵ ئەم دۆست و ئەو ناسیاردا بیروڕا بگۆڕینەوە، گوێ بۆ ڕای خەڵکی دیکە هەڵبخەین، لە ئەزموون و تەجرەبەی خەڵکی دیکە بگەین، ....دەمانەوێ بزانین خەڵکی دیکەی غەیرە کورد چ دەڵێن! ئەو هەموو چالاکی و کردانە، لە دنیای ئەمڕۆدا باشتر فەراهەم کراون و دەکرێن، جا چ ڕاستەوخۆ بێ یان ناڕاستەوخۆ، جا چ بە تەنیا چێژیان لێ وەربگرین یان بەدەستەجەمعی...

پێشەنگەی کتێب شتێکمان بۆ پڕ دەکاتەوە. بەهەرحاڵ تەنیا هەر جێگەیەک نییە کە خانەیەکی چاپ و بڵاوکردنەوە کتێب و گۆڤار و بەرهەمی خۆی، چ کۆن و چ تازەی تێدا ساغ بکاتەوە، بەڵێ ئەوە گرنگە، بەڵام پێشانگەی کتێب کە ڕۆژانە بە سەدان ئەگەر بە هەزاران نەبێ سەردانی دەکەن، قەریحەی خویندنەوە و زانین و کرانەوە لە سەر ئەوانی دیکە دەکاتەوە و گوێ لە کەسانی بیانی و خۆمانە دەکرێن و تەفاعوڵ دەکەین لەگەڵیاندا، لەو قاوغ و دونیا تەسکەی خۆماندا دێینە دەرێ و تێکەڵ بە شەپۆڵ بەرفرەی مرۆڤایەتی دەبینەوە.

من بەو پاییزەی تەمەنم، زۆر دڵخۆش دەبم کە دۆستەکانی کتێب بە هەزارانن و هەموو تەمەنێکی تێدا دەبینم لە منداڵە ژیکەڵەوە بگرە تا کچ و کوڕی نەوجەوان، تا ژن و پیاوی جحێڵ، کامڵ و هی وەک منی بەتەمەن وەکوو هەنگ بە دوای ئەو حاجەتەدا دەگەڕێن کە پێویستیان پێیە، لە کتێبی زانستیی پزیشکی و ئەندازە و ئای تی و کۆمپیوتەرەوە بگرە تا زانستە کۆمەڵایەتییەکان، تا داهێنانە جۆراوجۆرەکانی ئەدەبیاتی میللەتان و چیرۆک و هەقایەتی منداڵان...لە پێشەنگەدا، نووسەران، خوێنەران، دۆستان یەکدی دەبیننەوە و پێکەوە خەم و خۆشییەکانیان بەش دەکەن. ئەی ئەوە نییە دیسان کتێب کۆمان دەکاتەوە!

هێشتا لە وڵاتی ئێمەدا، دامودەزگای ڕاپرسی ئەوتۆ نییە کە بزاندرێ ڕۆژانە چەند کەس سەردانی پێشانگەکە دەکەن و چ جۆرە کتێبێ ڕەواجی هەیە و خوێنەران بە دوای چیدا دەگەڕێن و مەزاجی خەڵک ڕووەو چ ئاقارێکە، نەوەی نوێ لەگەڵ نەوەی ئێمەدا لە کوێدا یەکدەگرینەوە و لە کوێدا هەر یەکەمان بە ئاقارێکدا. بە هەرحاڵ لە پێشانگەدا، دەبینم بیروڕا جیاوازەکانی ناو کتێبان بە هێمن، عاقڵ عاقڵ لەتەک یەکدا دانیشتوون و زۆر ڕێزی یەکتری دەگرن... کتێبێکم نەدیت لەگەڵ کتێبێکی دیکەدا شەڕ بکات. دەبا ئێمەی مرۆڤ لە کتێبەوە فێری ئەو ئادابی پێکەوە هەڵکردنە ببین...

# دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی لە سەردەمی گۆڕانکاری تەکنەلۆژیادا.

■ هەولێر/ علي زەيتو



بەشداریی دەزگاکانی چاپ و پەخشی کوردی لە پێشانگای نێودەوڵەتیی کتێبی هەولێر، تەنیا لە پێشکەشکردنی ڕۆمان و شیعر و کتێبی مێژوودا سنووردار نییە. ئەم دەزگا چاپخانانە ئێستا هەنگاوی ڕوون دەگرنەبەر بۆ هاوسەنگ بوون لەگەڵ پێشکەوتنە تەکنەلۆژی و مەعریفیەکان، پێشکەشکردنی کتێبی زانستی وەرگێڕدراو یان نووسراو بە زمانی کوردی کە چەندین بوار دەگرێتەوە، لەوانە زیرەکی دەستکرد، پزیشکی، فیزیا، ژینگە، گەشەسەندنی مرۆیی، زانستە پەروەردەییەکان.

ئەم گۆڕانکارییە چۆنایەتییە لە وەڵامی پێویستی خوێنەری نوێدا دێت- بەتایبەتی گەنجان و خوێندکاران- کە بەدوای ناوەڕۆکی زانستیدا دەگەڕێن بە زمانێکی سادە و تێگەیشتوو کە هاوسەنگ بێت لەگەڵ گۆڕانکارییە هاوچەرخەکان و بەرەوپێشبردنی کولتووری زانستی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا.

## گۆڕانکاری لە ڕۆشنبیری کوردیدا

ئەم دیاردەیە لە حەڤدەهەمین پێشانگای نێودەوڵەتیی کتێبی هەولێردا بەشێوەیەکی بەرچاو دەرکەوت، کە ژمارەیەکی زۆر لە دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی کتێبی زانست و تەکنەلۆجیایان نمایشکرد، هەندێکیان لە زمانە نێودەوڵەتییەکانەوە وەرگێڕدراون و هەندێکی دیکەشیان لەلایەن توێژەرانی ناوخۆی تایبەت بە بوارەکانیانەوە نووسراون.

## بەدیهێنانی ئارەزووی خوێنەران

کاروان لە خانەی «مانگ» دەڵێت: «ئێمە شاهیدی گۆڕانکارین لە سەلیقەی خوێنەری کورد، بەتایبەتی لای گەنجان، خواست لەسەر کتێبی زیرەکی دەستکرد، دەروونناسی، و تەکنەلۆجیای مۆدێرن لە زیادبووندایە، ئەمساڵ ئێمە سەرنجمان خستۆتە سەر چاپکردن و وەرگێڕانی کتێبی زانستی، هاوکات دڵنیابوون لەوەی کە چەمکەکان بە زمانێکی ڕوون و شێوازێکی سەرنجڕاکێش سادە بکرێنەوە».

هەروەها دەڵێت، هەوڵدەدەین کتێبە زانستییەکان ئاڵۆز و بە نوخبەیی نەکەین، ئامانجمان ئەوەیە زانست بگاتە بەرفراوانترین ئامادەبووان و ئەمەش بەشێکە لە بەرپرسیارێتی کولتووریمان.

لەیلان لە خانەی «ڕەهەند» دەڵێت:
«ئێمە ئەمساڵ گۆشەیەکی کۆشکەکەمان تەرخانکرد بۆ زنجیرەی زانست بۆهەمووان، کە کتێبەکانی فەلەکناسی، زانستی کەشوهەوا و تەکنەلۆژیای پزیشکی لەخۆدەگرێت، هەموویان وەرگێڕدراون و وێناکراون. سەرمان سوڕما لە گرنگیدان بەوانە، بەتایبەتی لەلایەن خوێندکاران و مامۆستایانەوە.»

لە درێژەی قسەکانیدا وتی: ئێمە پێمان وایە بڵاوکردنەوەی زانستی بە زمانی کوردی متمانە بە زمانەکە بەرز دەکاتەوە و دەیکاتە زمانی مەعریفە نەک تەنها ئامرازێک بۆ ئەدەب یان گوتاری سیاسی.

محمد لە خانەی» نارینەوە « ووتی"ئەمساڵ کتێبێکی سادەکراومان لەسەر زیرەکی دەستکرد بە زمانی کوردی بڵاوکردەوە، داواکاری لەسەری زۆر باش بوو، بەتایبەتی خوێندکارانی زانستی کۆمپیوتەر و ئەوانەی ئارەزووی تەکنەلۆجیای دیجیتاڵی دەکەن".

محەممەد ئاماژەی بەوەشکرد، هەندێک کتێب بە هاوکاری مامۆستایانی زانکۆ ئامادە دەکرێن بۆ دڵنیابوون لە وردبینی ئەکادیمی و پێشکەشکردنی ناوەڕۆکی تۆکمە بە زمانێکی ڕوون.

## گرنگی جەماوەری

هەرکەسێک سەردانی ستاندی هەر دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی بکات لە پێشانگاکەدا هەست بە زیادبوونی ئارەزووی کتێبی زانستی دەکات. زۆرێک لە سەردانکەران پشتڕاستی دەکەنەوە کە ئەم کتێبانە لە چاپەکانی پێشوودا بە زمانی کوردی بەو شێوەیە زۆر بەردەست نەبوون، ئەمەش ئاماژەیە بۆ سەرهەڵدانی هۆشیارییەکی نوێ لە نێو بڵاوکەرەوەکان و خەڵکدا.

دکتۆر مەحمود مامۆستای زانکۆ دەڵێت «سەرسام بووم بە دۆزینەوەی کتێبی کوردی لەسەر جینات و فیزیای مۆدێرن، جاران ناچار بووم ئەو چەمکانە بە زمانی عەرەبی یان ئینگلیزی بۆ قوتابیەکانم ڕوون بکەمەوە، ئێستا دەتوانم کتێب بە زمانی خۆیان پێشنیار بکەم، ئەمەش هەنگاوێکی گەورەیە بۆ پێشەوە.»

ئامینە خوێندکاری بەشی ڕاگەیاندن دەڵێت «کتێبێکم کڕی لەسەر زیرەکی دەستکرد و کتێبێکی دیکەم لەسەر پەیوەندی زانستی، پێم وا نەبوو کتێبی لەم ئاستە بە زمانەکەمان بدۆزمەوە، ئەمە شتێکە شانازی پێوە بکەین.»

## بەرەو کولتوورێکی زانستی بە زمانی کوردی

پەرەسەندنی ناوەڕۆک کە لەلایەن دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردییەوە شاهیدی دەدرێن، ڕەنگدانەوەی هەوڵێکی ڕوونە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی خوێندنەوە و فێربوون کە تەنیا پشت بە وەرگێڕانی هاوکات یان سەرچاوەی بیانی نەبەستێت، بەڵکو ئامرازە مەعریفیەکانی خۆی بە زمانی خۆی پەرەپێبدات.

چاودێران پێیان وایە ئەم قۆناغە ڕێگە خۆش دەکات بۆ پێشڤەچوونی کولتووری کە ڕەنگە جیاواز بێت لە قۆناغەکانی پێش خۆی، بەو پێیەی پشت بە بەرهەمهێنانی مەعریفە دەبەستێت نەک تەنها بەکارهێنانی.

پێشانگای نێودەوڵەتیی کتێبی هەولێری ئەمساڵ دووپاتی دەکاتەوە کە ئەدەب تاکە شت لە پێشەنگدا نەماوە. زانستیش پێگەیەکی لە ڕەفەکانی کوردیدا دۆزیوەتەوە. لەگەڵ پێداگری دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی لەسەر درێژەدان بەم ڕەوتە، دەکرێ بڵێین گواستنەوە بۆ کۆمەڵگایەکی زانستی تەنیا پرسێکی کاتییە و زمانی کوردیش لە ڕێگادایە بۆ ئەوەی ببێتە دەفرێکی ڕاستەقینە بۆ زانستی مۆدێرن، هەروەک چۆن بۆ شیعر و مێژوو هەیە.



### بڵاوکراوە نوێیەکان لە بواری یاسا و مێژوو...

# بایەخی زیاتریان پێدەدرێ

■ جینان ئەلسەرای



**لەهەر سوچوو قوشبنێکی نێو پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێب لە هەولێر، کاتێک بۆنی لاپەڕە کۆن و تازەکانت بەسەردا دێت،تەنها کتێبی ڕۆمانەکان سەرەنجی ڕانەدەکێشایت، بەڵکو چەندین شوێنی دیکەی لێبوو کە خەڵکی تێیدا کۆببووەوە و گفتووگۆی کلتووری لێ دەکرا، خەڵکی لە بواری یاسا، مێژوو، فەرهەنگی جیاواز سەرەنجی ڕاکێشابوون، لە هەموو شوێنێکی عێراقەوە ڕۆژانە خەڵکی دێنە نێو پێشانگەکە، بە کتێبی دڵخوازیان ئاشنا دەبن.**

پێشانگەکەی ئەمساڵ لە نێو هزی تاک بەتاکی سەردانیکەراندا دەمێنێتەوە کە لە هەموو ناوچەو شوێنێکی عێراق هاتبوون، کتێب دەرگایەکی رووناکی بەڕووی خوێنەراندا کردبووە ، چالاکییەکان زیاتر خەڵکی لە نێو پێشانگەکە دڵخۆش کردبوو، سەردانیکەران تەنها بۆ کڕینی کتێبێکی دیاریکراو نەهاتبوون بەڵکو لەگەڵ ئاشنا بوونیان بە بەرگی کتێبی بوارەکانی دیکە لە کۆتایدا دەیانگووت چیدیکە خۆمان وابەستەی یەک جۆر لە کتێب ناکەین مرۆڤ دەبێت شارەزای لە چەندین بواردا هەبێت بۆ ئەوەی لەگەڵ چالاکییەکان و بوونی گفتووگۆی چڕدا بزانین باسی چی دەکرێت، ئێستا کاتی ئەوەیە زیاتر مێشکمان فراوان بکەین دەرگای ژیانمان بەڕووی روناکیدا بکەینەوە.

ئەیاد حەسەن گوتی: پێشتر داواکاری زۆر لەسەر کتێبە ئاساییەکان نەبوو، بەڵام ئێستا خەڵکێکی زۆر لەدەوری کتێبە ئاساییەکان دەبینین، خەڵکی دەیانەوێت لەبارودۆخی ئێستا تێبگەن و مافی خۆشیانە بەتایبەت لەوڵاتێکی وەکو عێراق کە کێشە سیاسییەکان بەرۆکی تەنها چینێکی کۆمەڵگەی نەگرتووە بەڵکو تاک بەتاکی کۆمەڵگە بەر ئەم کێشانە دەکەون.

ئەیاد بەردەوام بوو و گوتی: هەندێک کتێب وەک یاسای تاوان، دەق و جێبەجێکردن و تێگەیشتنی ماف و دەستووری عێراقی خوێنەرانیان دیاریکراو بوو کە دەمانبینی بەس مامۆستای زانکۆ یاخود زوێنکاری یاسا بەدوای ئەوکتێبانەدا دەگەڕان ئێستا دەبینین لە هەموو چین و توێژەکان دەیانەوێت زانیارییان لەسەر ئەو بوارە هەبێت.

لەبارەی بڵاوکراوەکان ئامینەگوتی: ئێمەکتێبە مێژووییە کۆنەکان دووبارە چاپ ناکەینەوە، بەڵکو دەگەڕێین بەدوای ئەو کتێبانەی کە دەستنیشانی ڕووداوەکان دەکەن و پرسیار دروست دەکەن و هزرمان زیاتر فراوان دەکەن.

هاوکات لەسەر کتێبە یاساییەکان ئامینە گوتی، ئێستا خەڵکی زیاتر دەیەوێت بزانێت لەدەستووری عێراقدا تاوەکو چەند گرنگی بە ژنان دراوە و دەنگیان دەگەیەنرێت بۆ بەدەست هێنانی مافەکانیان، دەستووری ئێستا و ڕابردوو تاوەکو چەند گۆڕانکاری بەسەر هاتووە، ژنان لە کوێی گۆڕانکارییەکانن، ئەمانە هەمووی پرسیارن خەڵکی دێنە ئێرە چاوەڕێن وەڵامیان دەسکەوێت، مێژوو تەنها بۆ ڕابردوو نیە بەڵکو تێگەیشتنە لە ئێستا و داهاتوو.

ئەحمەد توفیق، خوێنەریەک لە موسڵ، وتی: " من بە تایبەتی سەرجەم کتێبەکانم پەیوەندی بە دەوڵەتی عثمەنی و دەستپێکی سەدەی بیستە. دەمەوێت سەرچاوەیەکی جیاواز بدۆزمەوە لەوەی لە قوتابخانە فێرمان کردووە. کتێبەکان دۆزیمەوە کە گواستنەوەی بەشداریی ئەو کەسانە دەکەن کە هەقیقی لەو ڕووداوانە دەبون. ئەمە نزیکترە بە خەڵک و ڕاستییەکی زۆرتری هەیە."

ئەحمەد کە لە بواری مێژوودا دەخوێنێت گوتی: مێژوو بیرمان قوڵتر دەکات تاوەکو بزانین لە ڕابردوو جیمان کردووە و ئێستا بەچی گەیشتووین، کێشەکانی ئێستا لەسەر بنچینەی ڕابردوو درووست بوون، لەسەرمانە بزانین تاوەکو چەند دەتوانین هەڵەکانی ڕابردوو باش بکەینەوە.

د. زین العابدین، مامۆستای مێژووی نوێ لە زانکۆی بەغدا،

ئەم کتێبانەی ئەمڕۆ لە پێشانگەکە بینیم گرنگن بۆ ڕێگەدان بە توێژینەوەی زانستی و پەیوەندی خوێندکاران بە نووسراوە نوێکان. زۆری ئەم کتێبانە پێداچوونەوەی ڕەخنەییان کردووە بۆ ئەو شتانەی بە وشەیەک دەژمێردرێت، و گەشەپێدانی بیرۆکە فکرییەکی سەربەخۆ بۆ خوێندکاران درووست دەکات

یاسا و مێژوو ناچارە هەبن لە زۆربەی کتێبەکاندا، چونکە هەردوو بابەتەکە دەربارەی ناسنامە، ماف، دەسەڵات، و کۆمەڵگا قسەدەکەن.

خوێنەریەک، کە کتێبێکی دەربارەی دادوەری ساڵی ١٩٦٣ پێبوو گوتی:
"وەک کتێبی پۆلیسییە، بەڵام هەموو شتەکانی تەواون، و تۆش بەشداریت لە مێژوو، هەروەها ئەگەر نەبوویت لەو کاتە پێویستە ئێستا هەبیت.

رامیل، خوێنەریەکی دیکەیە گوتی: چ سوودێک لە خوێندنەوەی هەزاران رۆمان دەبینین کاتێک کتێبێکی مێژووی نەخوێنینەوە دەربارەی ئەوەی شارەکانمان بۆچی گەیشتووە ئەم ئاستە نزمە و چۆن بەرزی بکەینەوە رووناکی بکەینەوە هەڵەکانی رابردوو دووبارە نەکەینەوە، بۆیە لەکۆتایدا دڵخۆشین کە فریای ئەوە کەوتین سەردانی ئەم پێشانگەیە بین و ئاشنای زۆر جۆر کتێب بین هاوکات بۆ ئایندە بڕوانین و کار بکەین تاوەکو وڵات پێشبخەین.

# ڕۆڵی ئافرەتی ڕۆشەنبیر لە هەستانەوەی کۆمەڵگا




■ تەبارەك عەبدولمەجید

لە میانەی پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب، سیمینارێک لە ژێر ناوی «ڕۆڵی ئافرەتی ڕۆشەنبیر لە هەستانەوەی کۆمەڵگا» بەڕێوەچوو. کە لەلایەن میدیاکار و نووسەری عێراقی «ئیلهام عەبدولڕەحمان» سەرپەرشتی کرا، بە بەشداری ڕۆژنامەنووس و ڕۆماننووسی فەلەستینی لیانە ئەلبەدر. لە دانیشتنەکەدا باس لە ڕۆڵی ئافرەتی ڕۆشەنبیر کرا لە بەرەوپێشبردنی بیرکردنەوە و بنیاتنانی کۆمەڵگا. کە بووە جێگای سەرنجی ئامادەبووان و گفتوگۆ وراگۆرینەو سەبارەت بەو ئاستەنگانەی کە ڕووبەڕووی ئافرەتان دەبنەوە و گرنگی بەهێزکردنیان بۆ بەدەستهێنانی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی.

خاتوو ئیلهام عەبدولڕەحمان بە پێشوازییەکی گەرمی لە ئامادەبووان و میوانەکە دەستی بە دانیشتنەکە کرد، خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بە بەشداریکردن لەم چالاکییە ڕۆشنبیرییەدا، کە لەلایەن دامەزراوەی ئەلمەدا لە خوولی حەڤدەهەمدا ڕێکخرابوو.

پاشان خاتوو لیانە عەبدولڕەحمان خۆی بە ئامادەبووان ناساند و وتی «پێم خۆشە وەک نووسەرێکی فەلەستینی بە پێنج کۆمەڵە چیرۆک و پێنج ڕۆمان و کۆمەڵە شیعرێک و فیلمی دیکۆمێنتاری کە چەندین خەڵاتی بەدەستهێناوە، خۆم وەک نووسەرێکی فەلەستینی بناسێنم». جەختی لەوە کردەوە کە نووسین و پێشکەشکردنی بیرۆکە لەسەر شاشە بە چێژ وخۆشی دەزانێت، ئاماژەی بەوەشکردووە، وە ئاماژەی بەوە کرد کە ئارەزووی هاوبەشکردنی ئەم خۆشییە لەگەڵ ئامادەبوواندا.

لە چوارچێوەی قسەکانیدا سەبارەت بە « ئافرەتی خوێندەوار و ڕۆشنبیر». خاتوو لیانە ڕوونی کردەوە کە پێناسەی ئافرەتی خوێندەوار لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازە. هەندێک وەک کەسێک کە خاوەن بڕوانامەی ئەکادیمییە، هەندێکی تر وەک سەرکردەیەک لە پارتێکی سیاسی یان چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەیبینن. ئەو ڕوونیکردەوە: «کلتوور، بۆ من، بریتییە لە سوودوەرگرتن لە هەموو سەرچاوەکانی زانین». "دەبێت بتوانین سوود لە هەموو ئەو شتانە وەربگرین کە دەتوانن یارمەتیدەر بن لە گەشەپێدانی تاک و کۆمەڵگا". کولتوور لە یەک ئامرازدا قەتیس نییە، بەڵکو سیستەمێکی هەمەلایەنەیە کە هەموو پرسەکانی کۆمەڵگا لەخۆدەگرێت.

پاشان خاتوو لیانە باسی لەو ئاستەنگانە کرد کە ڕووبەڕووی ئافرەتان دەبنەوە لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا و ئاماژەی بەوەدا کە ئەو ئاڵنگاریانەی ڕووبەڕووی ئافرەتان دەبنەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر جیاوازن لەوانەی کە ڕووبەڕووی ئافرەتان دەبنەوە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا. جەختی لەوە کردەوە کە ئافرەتان لە کۆمەڵگاکانماندا ڕووبەڕووی چەندین کۆت و بەندکردن دەبنەوە کە ڕێگری لە گەشەکردنیان دەکەن، نەک تەنها لەسەر ئاستی تاک، بەڵکو لەسەر ئاستی کۆمەڵگاش بە گشتی. ناوبراو هەروەها ووتی: ڕێککەوتنە جیهانیەکان کە مافی ئافرەتان دەپارێزن بەس نەبوون بۆ گۆڕینی واقیعەکەیان، ئەم ڕێککەوتنانە لە ئاستێکی بەرزتر لەو واقیعە هاتنە ئاراوە کە گەلە سادەکانمان ئەزموونی دەکەن، کە ڕووبەڕووی چەندین بەربەستی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەبنەوە کە ڕێگرن لە بەهێزکردن و گەشەسەندنی ئافرەتان.

لیانە ڕوونیشیکردەوە، سەرەڕای گۆڕانکارییە ئەرێنییەکان لە هەندێک کۆمەڵگەی عەرەبیدا، ئاستەنگی زۆر هەیە کە ڕێگری لە ئافرەتان دەکەن بۆ گەیشتن بە خواستەکانیان. باسی لەو دەرفەتە بەرچاوانە کرد کە تەکنەلۆژیای مۆدێرن پێشکەشی خانمان دەکات، بەو پێیەی زۆرێک لە ژنان دەستیان کردووە بە چوونە ناو ئەو بوارانەی کە پێشتر بەڕوویاندا داخراون، وەک بۆشایی ئاسمان و زیرەکی دەستکرد و پیشەسازی دەرمان. ئاماژەی بەوەشکردووە، «ئەم بوارە زانستیانە دەرفەتی نوێ بۆ ئافرەتان دەرەخسێنێت بۆ بەشداری کردنیان لە گۆڕینی هۆشیاری کۆمەڵایەتی بەرەو توانای ئافرەتان بۆ سەرکەوتن و داهێنان لە هەموو بوارەکاندا».

سەبارەت بە دۆخی کوردستانی عێراق، خاتوو ئیلهام باسی لەو پێشکەوتنە بەرچاوانەی کرد کە لە ساڵانی ڕابردوودا لە بەهێزکردنی ئافرەتان بەدەست هاتوون، ئاماژەی بەوەدا کە ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتان گەیشتوونەتە پۆستی سەرکردایەتی و سیاسی و بەشدارییەکی بەرچاویان لە گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە هەرێمی کوردەستان کردووە. بە تایبەت لەم ٢٥ ساڵەی دواییدا.

هەروەها خاتوو لیانە ئەلبەدر بۆچوونی خۆی سەبارەت بە ڕۆڵی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان لە بەهێزکردنی ئافرەتان دەربڕی و ئاماژەی بەوەدا کە سەرەڕای ئەو ئازادییە ڕواڵەتییەی کە ئافرەتان لەم کۆمەڵگایانەدا بەدەستی دەهێنن، بەڵام هێشتا ڕووبەڕووی جیاکاری و گۆشەگیری دەبنەوە. ئاماژەی بەوەشکرد، جیاوازی نێوان کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات هەمیشە وەک خۆی نییە، هەروەها ئافرەتان لە هەردوولا ڕووبەڕووی ئاستەنگی بەرچاو دەبنەوە کە پەیوەندییان بە یەکسانی و مافەکانەوە هەیە.

ولە کۆتاییدا، جەخت لەسەر پێویستی گرتنەبەری بەرنامەیەکی هەمەلایەنە کرا بۆ پشتیوانیکردنی ئافرتان، کە سنووردار نەبێت بە ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان، بەڵکو گۆڕانکاری ناوخۆیی لەناو کۆمەڵگاکاندا لە ڕێگەی پەروەردە و ڕۆشنبیری و هۆشیاری بەکۆمەڵەوە بێتە کایەوە.



# فەرید زەهران : گەنجانی چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگە و... حەزە مەعریفی و ئارەزووەکانیان




■ هەولێر:زەین یوسف

لە چوارچێوەی بەرنامەی ڕۆژانەی چالاکییەکانی پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب هۆڵی سەرەکی پێشانگاکە بەردەوام سمینارەکانی تێدا بەڕێوەدەچێت. هەر لەو ڕووەوە کۆڕێک لەژێر ناونیشانی (دووبارە پێناسەکردنی ڕۆڵی بڵاوکەرەوە لە پێکهێنانی ئایندەی ڕۆشنبیری) بۆ( فەرید زەهران) بیرمەندی میسری و سەرۆکی یەکێتی بڵاوکەرەوەکانی میسر بەسترا. ئەو دەربارەی گۆڕەپانی ڕۆشنبیری و جەماوەری پێشانگای هەولێر دەڵێت:من جیاوازی زۆرم لەگەڵ ڕۆشنبیران و بڵاو کەرەوەکاندا هەیە بە هۆکاری دووبارە کردنەوەی ئەو وتەیەی کە دەڵیت (خوێنەر نییە و گەنجان خوێندنەوەیان جێهێشتووە،چونکە هۆکارەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە ئامرازی زانینی ئەم سەردەمە وچیترهیچ یەکێک لەوان مامەڵە لەگەڵ کتێب ناکەن بەبۆچوونی من ئەم قسانە ڕاست نین،نە ئەو ژمارەیەو نە ئەو دیمەنەی کەمن دەیبینم لەو پێشانگایە ئەو قسانە پشتڕاست ناکەنەوە، من وەک نوسەرێک ژمارەو ئاماری تایبەتیم هەیە وەدەڵێم ئەو زێدەگۆییانە هیچ ڕاست نین.

ئەو زیاتر دەڵێت کە ژمارەی گەنجانی چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگە لە هەڵکشانی بەردەوامدایەو لە زۆربەی کاتدا فێربوونی باشیان پێدەدرێت،هەر ئەوانیش حەزی زۆرزانین وئارەزووی بە ئاگابوون و خوێندنەوەیان هەیە. وە ئەم ئارەزووەش ناوەندی جیاوازی هەیە لەوانەش کتێبی چاپکراو سەرەڕای کتێبی بیستراو ،بەڵام لە کۆتایدا پەرۆشی گەنجان بۆ زۆرزانین و ئارەزووی خوێندنەوە زیاترە.

دەربارەی ڕۆڵی نوسەر لە پێکهێنانی ئایندە جەختدەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە پێویستە دووبارە پێناسەی ڕۆڵی نووسەربکەینەوە ،چونکە ئاڵەنگاری نوێ ڕووبەڕووی پیشەسازی بڵاوکردنەوە بووەتەوە هەر ئەوەش بابەتی سەرەکی ئەوانەیە کەلە ئێستادا داوای دووبارە بیرکردنەوەمان لەمبارەیەوە لێدەکەن.

من لێرەوە باس لە نووسەردەکەم نەک بازرگانانی کتێب کە هیچ پەیامێکی ڕۆشنبیرییان پێنییەو وەهیچ ناوەرۆکێکی دیاریکراویان نییە کە پێشکەشی خوێنەرو جەماوەری بکەن.

هەر لەم ڕووەوە دەڵێت:چەند فاکتەرێک هەن کەبەبنەمای دووبارە پێناسەکردنی ڕۆڵی نوسەر دادەنرێن کە دەتوانرێت پۆلێنبکرێن بۆ سێ بەش: یەکەمیان پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا دووەم ئاڵەنگارییە ڕۆشنبیرییە سەپێنراوەکان بە هۆکاری بوونمان لەم جیهانگەراییەدا بەشی سێیەم ئەو نوێخوازییەیە کەبەسەرماندا سەپێنراوە لە پێداویستییەکان و وەرگرتنی تەواوی پێداویستییەکان بەڕای ئازادو ئازادی ڕادەربڕین.

هەروەها ئاماژەی بە ڕۆڵی چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگا کرد، لە پڕۆسەی گۆڕانکاری و بەرهەمهێنانی زانین کە دەلێت:پانتایی چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگە نەوەیەکی گەنجی نوێی پێشکەشکردووە هەر ئەو نەوەیەشن بوونەتە سەرەڕمی هەوڵەکانی گۆڕاکاری ناوچەکە لەو شەپۆلەی کەبە بەهاری عەرەبی ناودەبرێت.

من لێرەدا گفتوگۆ لەسەر ئەوە ناکەم کە ئاخۆ ئەو شەپۆلە سەرکەوتوو بووە یان شکستخواردوو ،بەڵام دەڵێم شەپۆلێک هەبووە کە هەوڵی گۆڕانکاری داوەو پێشەوایانی ئەم شەپۆلە لەناو توێژەکاندا لاوان بوون بەدیاریکراوی بۆ هەر گۆڕانکارییەک.

وەلە نێو ئەو شەپۆلەدا گۆڕانکارییە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان بوون کەلاوان ڕۆڵێکی سەرەکییان تێدا گێڕا و تاوەکو ئێستاش لەو ڕۆڵە بەردەوامن.

زەهران جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ڕەنگدانەوەی پڕۆسەی گۆڕانکاری لەسەر پڕۆسیسی بەرهەمهێنانی کتێب لە جیهانی عەرەبیدا بۆئەو سروشتە دەگەڕێتەوە کەمرۆڤ لەسەرەتادا بەشێوەیەکی ئاسایی بە خوێندنەوەی چەند کتێبێکی سادە وئاسان دەست پێدەکات لە ڕووی ناوەرۆکی مەعریفی وزمانەوانی،چونکە سروشتی نییە کەسێک لەتەمەنی ١٢ ساڵیدا بەرهەمەکانی هیگڵ یان فرۆید بخوێنێتەوە،بەڵکو سروشتییەکە ئەوەیە کە لەسەرەتادا چەند ڕۆمانێکی سادە بخوێنێتەوە،کە پێکهێنەری بناغەی هەڕەمی خوێندنەوەن. ئەونوسەرانەی کەڕەنگە سەدان هەزار بووبن هەر ئەوانەن کە دەیان هەزارخوێنەریان بەرهەمهێناوە کە کتێبی قوڵ وفەلسەفییان خوێندۆتەوە وەچەند هەزارێک کتێبی زۆر قوڵترو مەعریفیتریان خوێندۆتەوەو بەمشێوەیە.

## بە یەکگەیشتنی نووسەر و خوێنەران..

# زەماوەندێک بۆ ئازادی ڕادەربڕین و بنیادنانی نیشتیمان



■ **هەولێر/ نور عەبدولقادر**

لە شاری هەولێر، کە هەرێمی کوردستان لەگەڵ مێژووی رابردوو و ئێستای نوێگەری کۆدەکاتەوە، ڕێڕەوەکانی ناو پێشانگای نێودەوڵەتیی کتێبی هەولێر جممەیان دێت، دیمەنەکە زێدەتر لە زەماوەندێکی هونەریی ڕەنگاوڕەنگ دەچێت، یان ئاهەنگێکی ڕۆشنبیری کە ڕۆحەکان بە دوای ڕووناکی پیتەکان و گەرمیی ماناادا دەگەڕێن. پێشانگاکە تەنیا ڕەفەکانی هەڵگرتنی کتێب نەبوو، بەڵکو ژینگەیەکە، کە ژیان لە نێوان لاپەڕەکانیدا زرینگەی دێت و لە نێوان ئەوانەی نووسیویانە و ئەوانەی بە سۆزەوە دەیانخوێننەوە، ئاوێتەبوونێک هەیە.
لە یەکێک لە کۆشکەکاندا ژمارەیەکی زۆر لە سەردانیکارانی پیشانگا بەدەوری مێزێکدا ئاڵاون، کە نووسەری کتێبێک بە واژۆی خۆی کتێبەکەیان پێشکەش دەکات، ئەو نووسەرە بە زەردەخەنەوە گوتی: هیچ شتێک لەوە خۆشتر و دڵخۆشکەرتر نییە، کە نووسەرێک لە نزیکەوە خوێنەرەکانی بناسێت و بزانێت نووسینەکانی تاچەند کاریگەری لەسەر دروست کردوون، ئەمڕۆ هەست دەکەم هەموو کاتژمێرە درێژەکانی نووسین هاتوونەتە بەرهەم.
لە نزیکییەوە قوتابییەکی زانکۆ وەستاوەو ، بە زەردەخەنەیەکی شەرمنانەوە دەڵێت: لە یەک شەودا ڕۆمانەکەیم خوێندەوە. نەمتوانی کتێبەکە دابنێم تا تەواوم کرد، ئەمڕۆش کە قسەم لەگەڵی کرد، هەستم دەکرد کەسێکی ناو ناخی خۆمم ناسیووە.
لە گۆشەیەکی دیکەی پێشانگاکەدا، نووسەرێک لە نێو کۆمەڵێک خوێنەردا دانیشتبوو، خەریکی گفتوگۆیەکی کراوە بوو سەبارەت بە بیرۆکەی پشت یەکێک لە کتێبەکانی. ئامادەبووان بیروڕایان لەسەر بابەتی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی ئاڵوگۆڕ کرد. یەکێک لە ئامادەبووان گوتی: خوێندنەوە دەرگا داخراوەکانی هۆشیاری دەکاتەوە، لێرەش پێکەوە، لە ڕێگەی قسە و دیالۆگەوە زیاتر دەیانکەینەوە.
ژمارەیەک لە سەردانیکاران لەبارەی گرنگیی ئەم گردبوونەوە ڕۆشنبیرییە ڕای خۆیان دەربڕی. ڕەند کچە گەنجێکی خوێنەرە و دەڵێت: بۆ من کتێب هاوڕێی بەردەوامەمە، بەڵام کاتێک ئەو کەسە دەناسم کە نووسیویەتی، بابەتەکە دەبێتە باسێکی شەخسی و هەست دەکەم چوومەتە ناو قوڵایی ئەزموونەکی ئەوەوە.
ئەحمەد، گەنجێکی تەمەن بیست ساڵانە و دەڵێت: بەدوای ئەو کتێبانەدا دەگەڕێم کە بمگۆڕن و پاڵمبنێن بۆ بیرکردنەوە لە دەرەوەی چوارچێوە تەقلیدییەکە. ئەم پێشانگایە دەرفەتی ئەوەی پێدام ئەو نووسەرانە بناسم کە ساڵانێکە شوێنیان کەوتووم، دەرفەتی گفتوگۆکردن لەگەڵیان ئیلهامبەخش بوو بۆ من.
لە یەکێک لە دیبەیت و گفتوگۆکانی سەر ستەیجی پێشانگاکەدا، خوێنەرێکی دیکە بەناوی (جومان)، خۆشحاڵی خۆی دەربڕی و دەڵێت: هەندێک کتێب زیاتر لە خەڵک لێم تێدەگەن، گفتوگۆی ئەمڕۆم لەگەڵ نووسەرێک وای لێکردم لەوە تێبگەم، کە ئەوانەی دەنووسن لە دڵەوە بۆ دڵ دەنووسن.
ئەو نووسەرەی جومانە باسی کرد، بە زەردەخەنەیەکی گەرمەوە وەڵامی دایەوە و گوتی: بۆ نووسەرێک کە دەبینێت خوێنەرێکی خۆی لەنێوان ڕستە و پەرەگرافەکانیدا دۆزیوەتەوە، سەرکەوتنە ڕاستەقینەکەیە.
حەز و ئارەزووی سەردانیکارانی پیشانگاکە لە نێوان ڕۆمان، مێژوو، هزر و فەلسەفە، کتێبی گەشەپێدانی مرۆیی و کتێبی مێژووی کورددا جیاواز بوو. هەندێکیان بەدوای ناونیشانی تایبەتدا دەگەڕان، هەندێکیتریان بە شێوەیەکی ئاسایی لە نێوان کۆشکەکاندا دەسووڕانەوە بۆ ئەوەی شتێکی نوێ بدۆزنەوە، بەڵام ئەوەی هەموویانی یەکخستووە، حەز و خولیای دەستکەوتنی زانست و زانین بوو. لە شوێنێکی تایبەت بە بڵاوکراوە و کتێبی منداڵاندا، چەندین دانیشتن و دیالۆگ و خوێندنەوەی بە گرووپ و گفتوگۆ ڕێکخراوە، سەبارەت بە چیرۆکە فۆتۆییەکان، ئەمەش وەک هەوڵێک بۆ چاندنی تۆوی خۆشەویستی بۆ وشە لە تەمەنێکی بچووکەوە.
دایکێک دەڵێت: منداڵەکانم لەگەڵ خۆم هێنا بۆ ئەوەی نیشانیان بدەم کە کتێب شتێکی بێ گیان نییە، بەڵکو پەنجەرەیەکە بۆ جیهانێکی گەورەتر، ئەم پێشانگایە دەرفەتێکی نایاب و ناوازەیە بۆ ئەوان بۆ ئەوەی گەشتەکەیان بە خوێندنەوە دەستپێبکەن.
ئەم بۆنەیە تەنیا پێشانگای کتێب نەبوو، بەڵکو فەزایەکی ئازاد بوو بۆ بیرکردنەوە و بەیەکگەیشتنی ڕۆشنبیری و هۆشیاری تاک، کە هەموو کتێبێک سەرەتای دیالۆگێکە و هەموو بەیەکگەیشتێنک دەرفەتێکە بۆ دۆزینەوەی خودێکی نوێ. پێشانگای هەولێری ئەمساڵ زیاتر لە بۆنەیەکی ڕۆشنبیری دەچێت، کات و شوێنێکی ڕاستەقینەی کۆمەڵگایەکە، مە هێشتا باوەڕی بەوە هەیە، ڕەوتی ڕۆشنبیری دەتوانێت گۆڕانکاری گەورە دروست بکات.
ئەم دیدارە ساڵانەیەی نێوان خوێنەران و نووسەران وەک پەیامێکی ڕوون دەمێنێتەوە کە هێشتا کەسانێک هەن گوێ لە وشەی ڕاستگۆیانە دەگرن، هێشتا زانست و زانین ئازادادنە دەبنە بەردی بناغەی بنیاتنانی نەتەوە بەهێزەکان، هەرچەندە ڕێگاکەش دوور و درێژ بێت.